www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا17:46 4-7-2006

## گۆڕان ڕێگای چاكسازی و پێشكەوتنە, گۆڕان و یەكگرتووی ئیسلامیی كوردستان ... هادی عەلی (3-3)

یەكگرتووی ئیسلامیی كوردستان هەر لە سەرەتای ڕاگەیاندنیەوە توانی نموونەیەكی هاوچەرخ و سەركەوتوو لە كاری ئیسلامی و لە مەنهەجێكی ئیسلاحی و میانەڕەوانە و دوور لە هەموو شێوازەكانی توندڕەوی و توندوتیژی لە فیكر و مومارەسەدا پێشكەش بە كۆمەڵگەی كوردستانی بكات.

یەكگرتووی ئیسلامیی كوردستان بە بەراورد لەگەڵ تێكڕای ساحە سیاسییەكەی كوردستاندا بۆ خۆی ئەزموونێكی نوێخواز و گۆڕانخواز بوو لە بواری كاری سیاسی و ڕێكخراوەییدا و، لە ماوەی ساڵانی تەمەنیدا توانیویەتی چەندین چەمك و بۆچوونی فیكری و سیاسیی نوێ لە ڕوانگەی ئیسلامەوە بەرجەستە بكات.. وەك سەلماندنی پرەنسیپەكانی دیموكراسی لە ژیانی حیزبی سیاسیدا و دانان بە مافەكانی مرۆڤ و ئازادیی بیروڕا و فرەلایەنیی فیكری و سیاسی و پێكەوەژیان و ڕێزگرتن لە ڕای بەرامبەر و پشتبەستن بە حیوار و گفتوگۆ بۆ گەیشتن بە چارەسەركردنی ناكۆكییەكان و یەكلاكردنەوەی كێشە و گرفتەكانی بەشداریكردنی ئافرەت لە كاری سیاسیدا و هاوسەنگیكردن لە نێوان بنەماكان و بەرژەوەندییەكاندا بە خۆماڵیكردنی پرۆژەی ئیسلامیی كوردستان و پشتیوانیكردنی تەواو لە دۆزی ڕەوای گەلەكەمان، وێڕای پێگەیاندنی ئەندامان و لایەنگران و هوشیاركردنەوەی جەماوەر بە ڕۆشنبیریی ئازاد و هاوچەرخ بۆ ئەوەی بتوانن فاكتەرێكی ئیجابی و كاریگەر بن لە ناو كۆمەڵگا و بە شێوەیەكی دروست مامەڵە لەگەڵ گۆڕانكارییەكاندا بكەن..

یەكگرتووی ئیسلامیی كوردستان لە گشت ئەو بوارانەدا ڕۆڵی ڕێبەرایەتیی هەبووە و سەروەریی گەورە و مێژوویی بۆ تەیاری ئیسلامیی كوردستان و پرۆسەی دیموكراسی لە هەرێمی كوردستاندا تۆمار كردووە.

سەرەڕای ئەو هەموو خاڵە ئیجابی و دەستكەوتە گرنگانەی كە یەكگرتووی ئیسلامیی كوردستان توانیویەتی لە ساڵانی ڕابردوودا بەدەستیان بهێنێت، ئەمڕۆ بۆ ئەوەی بە هەمان گوڕو تینی سەرەتای سەرهەڵدان و ڕاگەیاندن و بگرە لە ئاستێكی باشتریش بەرەو پێش بچێت و لەگەڵ ڕووداو و گۆڕانكارییەكانی ساحەی كوردستان و عێراق و جیهاندا هاوهەنگاو بێت و لە كاروان دوا نەكەوێت و هەردەم ڕۆڵی پێشەنگ و ڕێبەرایەتیكردنی پارێزراو بێت و وەك هێزێكی سیاسی جەماوەری ڕەسەن ڕۆڵی كارا و كاریگەری هەبێت لە هاوكێشە سیاسی و كۆمەڵاتییەكاندا و تەنها بەم ئاستەی ئێستای قایل نەبێت، ئەوا پێویستە لەسەر سەركردایەتی و كادیرە پێشكەوتووەكانی، ئەوانەی دید و توانای فیكری و شیكردنەوەیان لە ئاستێكی شیاودایە، بە شێوەیەكی جددی كار بكەن بۆ ئەنجامدانی گۆڕان و داهێنانی نوێ نەك تەنها لە پەیكەری ڕێكخستن و شێوازی كاری دەزگا و دامەزراوە حیزبییەكاندا و بەس، بەڵكو لە شێوازی بیركردنەوە و ئاڵوگۆڕكردن لە چەمك و بۆچوون و دید و هەڵوێستە فیكرییەكانیشدا و هێنانەكایەی دید و بۆچوون و تێڕوانینی نوێ و هاوچەرخ لە ئاستی بەرپرسیارێتی و ئەو (تحدیات) ـەی كە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، چونكە وەك لە سەرەتاوە ئاماژەمان پێ كرد، گۆڕان سوننەتی خواییە لە ژیاندا و ڕێگای چاكسازی و گەشەكردن و هۆكاری هێنانەدیی پێشكەوتن و سەقامگیریی سیاسی و كۆمەڵایەتییە.

لەو پێناوەدا پێم وایە كە یەكگرتووی ئیسلامیی كوردستان دەبێ لە چەندین بوار و بابەتی جیاجیادا هەنگاوی كاریگەر و بوێرانە بهاوێت، لەوانە:

یەكەم/ لە بواری زانستی و فیقهی ئیسلامیدا كاری جددی بكات بۆ نوێكردنەوەی تێڕوانینی ئیسلامیمان سەبارەت بە زۆرێك لەو چەمك و ئالیاتەی كە هەیە بۆ تێگەیشتن لە دەقەكانی قورئانی پیرۆز و سوننەت، ئەوەش پێویستی بە ئیجتیهادی نوێ و لێدەرهێنانی هاوچەرخ هەیە بۆ ئەو كێشە و پێداویستییانەی كە لەم سەردەمەدا هاتوونەتە كایەوە، بە تایبەتی لە بواری مەسەلەكانی پەیوەندیدار بە ئافرەت و مەسەلە كۆمەڵایەتییەكان و چەمكە سیاسییەكاندا.

ئەو ڕاستییەش ڕەچاو بكرێت كە فیقهی ئیسلامی لە سەدەكانی ڕابردوودا زادە و هەڵقوڵاوی هەل و مەرج و پێداویستییەكانی كۆمەڵگە و موسڵمانەكانە لە سەردەمی خۆیاندا و بۆ چارەسەركردن و وەڵامدانەوەی داخوازییەكانی ئەو ڕۆژگارە بووە و ئەكرێ ئەمڕۆ سودی لێ وەربگرێ، بەڵام نابێ دەقاودەق بگوازرێتەوە بۆ ئەم سەردەمە، چونكە لە باشترین حاڵەتدا بەرهەمی ژیری و تێڕوانینی مرۆڤە و هەرگیز نابێ سیفەتی نەمری و پیرۆزیی پێ بدرێت، جگە لەوەش ئیسلام وەك دوا پەیامی ئاسمانی بۆ زەوی، هەموو ڕێگایەكی واڵا كردووە بۆ ئەنجامدانی گۆڕان و داهێنانی نوێ و دەرهێنانی ڕێگاچارەی شیاو بۆ گشت ڕووداوو گۆڕانكارییەكان لە هەر سەردەمێكدا بێت، گەورە پێشەوایانی ئیسلام ڕێبازی بیركردنەوە و لێدەرهێنانیان لە دەقەكانی قورئان و سوننەت لەسەر بنەمای ڕەچاوگرتنی بەرژەوەندییەكان بووە، ئەوەتا خەلیفەی دووەمی ئیسلام (عومەری كوڕی خەتتاب) ـ خوا لێی ڕازی بێت ـ ڕاشكاوانە ڕا و ژیریی بەكار هێناوە بۆ ناسینی ئەو

بەرژەوەندییەی كە ئایەت یان حەدیسی لەبارەوە هاتووە و لەو روانگەیەوە سودی لێ وەرگرتووە، بۆ بڕیار و حوكمەكانی رێبازەكەشی لەو بوارەدا زۆر نزیكە لەو رێبازەی لەم سەردەمەدا پێی دەوترێ: (رێنمایی وەرگرتن لە رۆحی دەق نەک لە حەرفیەتی. ) (9) ، بێگومان هەر ئەوەش رێبازی هاوەڵە زاناكانی پێغەمبەر و زانایانی دوای ئەوانیش بووە.

دووەم/ لە بواری پێكەوەگرێدانی كاری سیاسی لەگەڵ كاری بانگەواز و پەروەردەی ئیمانی و ئایینییەوە، پێویستە میكانیزمی نوێ و كاراتر دابهێنێت و بە شێوەیەک كە بەرەوپێشچوون و سەرقاڵبوون لە بوارە سیاسییەكەدا، ئاسەواری سەلبی و نەخوازراو و دواكەوتن و پاشەكشێ بەجێ نەهێڵێت لەسەر ئاستی پاراستن و گەشەكردنی لایەنی ئیمانی و ئایینی رادەی بەدەمەوەچوون و بایەخپێدانی، چ لە ناو ریزەكانی یەكگرتوودا چ لە ناو كۆمەڵگەی كوردستانیدا.

نكوڵی لەو راستییە ناكرێت كە لەم حاڵەتەی ئێستادا، واتە پێكەوەگرێدانی ئەو دوو رەهەندە كارێكی سانا و سادە نییە و لە هەردوو بوارەكەدا تەم و مژێ و دڵەڕاوكێ و لاوازییەک هەست پێ دەكرێ.

یەكگرتووی ئیسلامیی كوردستان بەم تێڕوانین و میكانیزمەی ئێستایەوە ناتوانێت وەک پێویست مافی هەردوو بوارەكە بدات و پێشكەوتنی پێویست بەدەست بهێنێت، چونكە كاری سیاسی لە بواری گۆڕاوەكان و بەرژەوەندییەكاندا دەجووڵێتەوە، كە راست و هەڵە تیایدا رێژەییە و لە ساتێكەوە بۆ ساتێک، یان لە هەلومەرجێكەوە بۆ هەلومەرجێكی تر، كە لە بواری سیاسیدا بە خێرایی دەگۆڕێت، هەڵوێستی نوێ و را و بۆچوونی نوێ دەخوازێت، بەڵام كاری بانگەواز و پەروەردەی ئیمانی و ئایینی بە پێچەوانەوە، زیاتر لە بواری نەگۆڕەكان و بنەماكان و مەعنەویاتدایە و تا رادەیەكی باش كەش و هەوای ئارام و جێگر و دوور لە ململانێی سیاسی و حیزبایەتیی گەرەكە. لە لایەكی تریشەوە پێویستە كار بۆ ئەوە بكرێت كە رێزگرتن لە ئیسلام وەک ئایین و بەها باڵاكانی و پابەندبوونی تاكەكانی جەماوەر و كۆمەڵگە بە گشتی بە دروشم و رەوشتە ئیسلامییەكانەوە، پێویستە خواستێكی گشتی و هەمەلایەنە بێت، وەک هەر مەسەلەیەكی تری نیشتمانی و نەتەوەیی و گرنگ و لەلایەن حكومەت و پەرلەمان و دەزگاكانی راگەیاندن و كۆمەڵگەی مەدەنییەوە پشتگیریی لێ بكرێت، لە هەمان كاتدا دیاردە و ئاراستەی نەخوازراوی دژایەتیكردنی ئیسلام و لاوازكردنی بەها و دروشمەكانی لە ناو كۆمەڵگەی كوردستانیدا رەت بكرێتەوە و رێگای پێ نەدرێت.

بە كورتی و بە كوردی پێویستە ئیسلام وەک شوناسی نەتەوەیی گەلەكەمان لە كێشمەكێشی نادروستی سیاسی و حیزبایەتی بپارێزێت و وەک هەمیشە هۆكاری یەكخستن و پاراستنی تاكەكان و پەیوەندییە كۆمەلایەتییەكان بێت.

سێیەم/ لە بواری كاری نیشتمانی و نەتەوەییدا: راستە یەكگرتووی ئیسلامیی كوردستان وەک حیزبێكی كوردستانی لە ساڵانی رابردوودا و بە تایبەتی دوای رووخانی رژێمی دیكتاتۆری، هەمیشە هاوهەڵوێست بووە لەگەڵ لایەنە سیاسییەكانی تری كوردستاندا بۆ پشتگیریكردنی مەسەلە نەتەوەییەكان و جێگیركردنی پرسی فیدراڵیەت و مافە رەواكانی گەلەكەمان لە دەستوری هەمیشەیی عێراقدا، بەڵام مەرج نییە تەنها لە چوارچێوەی هاوهەڵوێستی و هاوكاریكردنی لایەنە كوردستانییەكانی تردا پشتگیری لە دۆزی كورد بكات، بەڵكو پێویستە وەک حیزبێكی رەسەن و كاریگەری كوردستانی لەمەولا راشكاوانەتر و بەهێزتر خۆی بە خاوەنی كێشەی نەتەوەیی گەلەكەمان بزانێت و بەرگریی لێ بكات لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەیی و نێودەوڵەتی و، لە بارەیەوە بۆچوون و هەڵوێستی سەربەخۆ و تایبەتی خۆی هەبێت لەمەڕ رووداو و پێشهاتەكان لەسەر ئاستی بەشەكانی تری كوردستان و پشتگیری لە هەڵوێست و دروشمەكانی لایەنە كوردستانییەكان بكات و رەخنە و نارەزایی شیاو لە سیاسەت و هەڵوێستە نادروستەكان بگرێت، بە تایبەتی لەم هەلومەرجەدا كە دۆزی كورد لەسەر ئاستی بەشەكانی تری كوردستان پێدەچێت پێ بنێتە قۆناغێكی نوێوە و پەرەسەندن و گۆڕانكاریی گەورەتر روودات.

چوارەم/ لە بواری كاری جەماوەریدا بۆ ئەوەی یەكگرتووی ئیسلامیی كوردستان ببێتە حیزبێكی جەماوەریی كاریگەر و، توێژە جیاوازەكانی كۆمەڵگەی كوردستانی ئامادە بن بێنە ناو ریزەكانیەوە و پشتگیر و لایەنگری پرۆژە چاكسازییەكەی بن.. پێویستە یەكگرتوو گۆڕانكاریی باشتر و كراوەتر بكات لە گوتاری سیاسی و جەماوەریی خۆیدا و، بایەخی تەواو بدات بە كێشە و خەمەكانی سەرجەم هاووڵاتیان و توێژەكانی جەماوەر و داخوازییەكانی كۆمەڵگەی كوردەواری، هەروەها بە جورئەت و بوێرانەتر كار بكات لەسەر جێگیركردنی پرنسیپە دیموكراسییەكان و بەهێزكردنی گیانی رەخنەگرتن و ئۆپۆزسیۆن بوون و سازدانی هاووڵاتیان بۆ داواكردنی ماف و خواستەكانی بە دەربڕینی را و هەڵوێستی راشكاوانە لە بارەی گەندەڵییەكان و كەم و كورتییەكان بە پێشكەشكردنی پرۆژە و پێشنیاری زانستییانە لە رێگای نوێنەرانی یەكگرتووەوە لە پەرلەمان و حكومەت، بە تایبەتی دوای ئەوەی كێشەی دوو ئیدارەیی هەرێم چارەسەر كرا و حكومەتی سەرتاسەریی كوردستان دامەزراوە.

پەراوێزەكان:

**بەشی یەکەم**

*** قورئانی پیرۆز لەبری وشەی یاسا و ڕێسا گشتییەکان لە بوونەوەر و ژیاندا، وشەی (السنه) یان (السنن) بەکار دەهێنێت، بۆ نموونە:"سُنَّةَ اللَّه فی الَّذِینَ خَلَوْا مِنْ قَبْلُ وَلَنْ تَجِدَ لِسُنَّةِ اللَّه تَبْدِیلاً" ئایەتی /62.**

(1) . (**عمر عبید حسنه، رؤیه فی منهجیه التغییر، الطبعه الاولی**) **لاپەڕە**/20.

(2) و (3) . (**د. محسن احمد الخذیری، ڕداره التغییر، الطبعه الاولی**) 2003، **لاپەرە** (4، 5) .

**بەشی دووەم**

(4) . (**قێی صالح الدرویش، حوارات مع الشیخ راشد الغنوشی**) . **لاپەڕەی** /3.

(5) . (**عمر عبید حسنه**) **سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە** /34.

(6) . (**الصادق بلعید، القران والتشریع قرا و ه جدیده فی إیات الاحکام، الطبعه الثالثه**) / 2004 **لاپەڕە**/ 7-8.

(7) . (**د. محسن عبدالحمید**) ، **لە موحازەرەیەکیدا لە بەرواری** (2002/7/14) **لە هەولێر بۆ ژمارەیەک لە کادیرانی پێشکەوتووی یەکگرتوو.**

(8) . (**عمر عبید حسنه**) ، **سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە**/ 83-84

**بەشی سێیەم**

(9) . (**الصادق بلعید**) ، **سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە**/ 24.

.... ..